# رێ نەدەن درز بخرێتە نێو بەرەی گەل!

لەم ساتەوەختە پڕ مەترسییەدا، تاقە یەك شت گرنگە بۆ پاراستنی دەسکەوتی خەڵکی کوردستان، ئەوەش بریتییە لەوەی ئاستی هوشیاریمان ئەوەند بەرز بێت، رێ بە هیچ بیانوو، فرتوفێڵ و بۆسەکانی وەلاتانی ناوچەکە و ئەمریکا نەدەین، درز بخەنە نێو بەرەی خەڵکی کوردستان. بەداخەوە، دەستگیرکردنی چەند خۆپیشاندەرێك لە سلیمانی و ووتارەکەی رۆژنامەی برایەتی لە ٣/٦و بۆچوونەکانی بەرێز نێچیر بەرزانی و کاك فەلەك ئەدین کاکەیی، نموونەگەلێکن لە سەر نائاگایی بوون لە ماناو کارتێکردنەکانی ئەو هەڵویست و دەربڕینانە لە سەر هەڵویست، سوز بڕوای خەڵکی کوردستان. نەدەبوو نە خۆپیشاندەران لە سلیمانی زیندان بکرێن و نە ئەو جۆرە بۆچوونە ئاستنزم و بێفەڕانە لە ئۆرگانی پارتی بڵاوبکرێنەوە. بۆ؟

١- هەرگیز هیچ لە هەڵویست و نیاز و پلانەکانی توکیا ناگۆڕن.

٢- بەرخوردێکی دیپلۆماتی ساواکارییانەیە.

٣- دڵساردی و دووبەرەکی دەخاتە نێو بەرەی گەل کە زۆر هوشیارانە لە ئاستی بەرپرسیارییەتی لە گەڵ مەترسییەکانی تورکیا بەرخوردیان کرد.

٤- سووتاندنی ئاڵا کارێکی رەمزییە بۆ نیشاندانی رەتکردن ودەربڕینی نیازو ئامادەیی بەرخۆدانە لە بەرامبەر ئەو پیلانانە کە تورکیا خۆیی بۆ ئامادە کردووە. نەدەبوو بخزێنە ناو بۆسەی راگەیاندنەکانی ماسمیدیای تورکیا.

ئەوەی پەیوەندی هەرێمی کوردستان لە گەڵ تورکیا دەخاتە مەترسییەوە، سووتاندنی ئاڵای تورکیا نییە، بەڵکو وەڵامدانەوەی ئەو٤٠٠٠٠سەربازەیە کە بە تۆپ و فرۆکەو پلانەوە بەوپەڕی ئامادەباشییەوە، خۆیان بۆ قەڵاچۆکردنی خەڵکی کوردستان و دەستکەوتەکەیان ئامادە کردووە. ئاخر ئاڵاسووتاندن چییە لە ئاستی ئەو هێرشە زەبەلاحە؟ ئەوە حکومەت و ماسمیدیای تورکیا بوو کە بە هەموو شێوەیەك کاڵتەجاڕی، هەڕەشە، کوشتن، ئابلۆقە و دەیان پیلان لە دژی خەڵکی کوردستان و بە تایبەتیش خودی سەرکردایەتی پارتی کرد.

بۆیە، دەبێ بەراشکاوی بگوترێ کە برایەتی هەڵەیەکی کوشندەی کرد و دەبێ پەشیمانی خۆی بۆ خەڵکی کوردستان رابگەیەنێت. ئەوانە گێرەشێوێن نین، بەڵکو کەسانی دڵسۆزو خۆشەویستن. لەبری ئەو سیاسەتانە، چێترە بانگەوازی خەڵکی تورکیا بکرێت بۆ رووبەروو بوونەوەی هەڕەشەی جەنگ و داگیرکردن!

سەلام عەبدوڵلا

٢٠٠٣/٣/٦